**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٣٢٢٠ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٢**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٩٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و دوابەدوای نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (١٢٤١٦) لە ٢٠٢٥/١٠/٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، و بە مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە کورتهێنانی داهات بەراورد بەخەرجییەکان، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٥) لە ٢٠٢٥/١٠/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- پێدانی ئەولەویەت بۆ  بلۆککردنی بڕی (١٢٠) سەد و بیست ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پابەندیی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی بەشی گەنجینەی فیدراڵی لە داهاتی نانەوتی لە پێناوی زامنکردنی خەرجکردنی مووچەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، و پێویستە ئەم بڕە پارەیە بخرێتە پێش هەموو خەرجییەکانی دیکە.

٢- جێگیرکردنی پێشینەی بەردەوامی وەزارەت و دام ودەزگاکان بە بڕی (٤٨ چل و هەشت ملیار دینار مانگانە) تا ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٢/٣١، و نابێت وەزارەت و دامودەزگاکان نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەن بۆ زیادکردنی پێشینەی بەردەوام.

٣- دابینکردنی گوژمەی (٤٢) چل و دوو ملیار دینار مانگانە بۆ خەرجکردنی مووچەی ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان لەسەر داهاتی ناوخۆ خەرج دەکرێت لەگەڵ خەرجکردنی ئەو شایستانەی خانەنشینانی هەرێم کە لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە خەرج ناکرێت، و پێدانی ئەم مووچانە هاوکات لەگەڵ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم خەرج دەبێت.

٤- ڕاگرتنی سەرجەم خەرجییەکان، جگە لە پابەندیی و خەرجییەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (١، ٢، ٣)ی سەرەوە و خەرجییە بنەڕەتییەکانی وەک (دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، چاککردنەوەی ڕێگاوبان، پاککردنەوەی شار، خواردنی نەخۆشخانە و بەندییەکان، دابینکردنی کلۆر و پێداویستییەکانی ئاوی خواردنەوە) و خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییەکانی دیکە کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری زیاد دەکرێت بە ڕەچاوکردنی گرنگیی و بایەخی خەرجییەکە، و سەبارەت بە خەرجییەکانی پێشوو کە

داواکاریی خەرجییان پێکراوە لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکان، هێشتا لە پرۆسەی وردبینی و پێداچوونەوەن،بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵات دەدرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دارایی ئێستای هەرێم تەنها کار لەسەر ئەو خەرجییە بنەڕەتییانەی سەرەوە بکرێت کە ئاماژەیان پێکراوە، و سەرجەم خەرجییەکانی دیکە ڕەتبکرێتەوە.

٥- ڕاگرتنی پرۆژەی نوێ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر هەر بودجەیەک بێت (وەبەرهێنان، پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئاسایی)، و ڕاگرتنی ئەو پرۆژانەی کە تەرخانی داراییان بۆ کراوە بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران یاخود بە ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندان، کە تاوەکو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردن و کاریان لەسەر نەکراوە، و نابێت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ نووسراوێک بۆ ئەم مەبەستە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و نووسینگەی هەردوو بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان بکەن بۆ پێشنیاری پڕۆژەی نوێ یان تەرخانکردنی پارە.

٦- ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری و پلاندانان بۆ پۆلێنکردنی پڕۆژە بەردەوامەکان لە ڕووی گرنگی و بایەخەوە، و لە ئەگەری مانەوەی بڕە پارەیەک لە دوای جێبەجێکردنی بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥)ی ئەم بڕیارە ئەوا بەپێی گرنگی پڕۆژەکە بەشێک لە پێشینەی ئەو پڕۆژە بەردەوامانە خەرج دەکرێت بەپێی پێوەرەکانی ئەولەویەت و گرنگی پڕۆژەکە و دادپەروەریی و بە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٧- پێدانی ڕەسم و باج و گومرگ و شایستە داراییەکانی دیکەی وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێم بە شێوازی نەختینە (کاش) و ڕاگرتنی پرۆسەی وەرگرتنی پارە بە چەک و مەقاصە لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکانی هەرێم جگە لەو بابەتانەی کە پابەندی داراییان هەیە بە چەک، کارەکانیان ڕایی دەکرێت لە نێوان خودی فەرمانگەکانی حکومەت.

٨- ڕاگرتنی لێخۆشبوونی گومرگی و باج و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دەستەبەری بانکی (خطاب ضمان) لە دەرەوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

٩- بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دارایی هەرێم لە کاتی خەرجکردنی ئەو ڕێژە داهاتەی بەپێی ڕێنمایی دارایی کە بۆ خودی وەزارەت دەگەڕێتەوە، ئەوا پێویستە هەماهەنگی تەواو بکرێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ خەرجکردنی ئەم ڕێژەیە.

١٠-جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦٩) لە ٢٠٢٥/٢/٥، تایبەت بە ڕاگرتنی دامەزراندن بە هەموو شێوازەکان.

١١- هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە، پێویستە دەستبەجێ وەزارەتەکان کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ ڕێکخستنەوەی داهاتی وەزارەتەکانیان بە ئاڕاستەی زیادکردنی داهات و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی، و چالاککردن و ئاسانکاری بۆ ڕێکار و شێوازی وەرگرتن و کۆکردنەوەی داهاتەکان، و پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزاری و کارئاسانی بۆ هاووڵاتییان لە کاتی پێدانی شایستەی دامەزراوەکانی هەرێم، و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری و بەدیجیتاڵکردن و شێوازی ئەلکترۆنی لەم بارەیەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان دەرئەنجامی کارەکانیان لەسەر ئەم بڕگەیە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەن تاوەکو بخرێتە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران.

١٢- پێدانی دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری بۆ دەرکردنی ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕگەکانی هاتوو لە سەرەوە.

١٣- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٢/٣١ بەردەوام دەبێت، و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**